

# کووپە لە مێوانداریی ماسیدا

سەباح ڕەنجدەر

ئەرێ پەیکەر بۆ تەنیایی بۆخۆی هەڵبژارد
پەیکەرتاش و پەیکەرهوانەکانیشی
بە ناو خەڵک هەڵوەداو داپڵۆسێنەر
پێیەکانی لە ئاوی لێڵ تەڕن
گیانی پەرێشان
نوێژ و ستایش و پاڕانەوە
یارمەتی دەروونین
بە توندوتیژی و زەبر
داوای یارمەتی لە ناسراو و دەست و پێی کردوون
باڵندەی قاچ ڕووت و دەنووک درێژ
باڵەکانیان دەخورێن و داوای باجیان لێکردووە
جەنگ لەو پێناوەدا هاژەی هات
لاشە کەفی هەڵدا
لاشەش ئاوێنەیەکی پەڵەداری پێشکێش کرد
باڵندەی تەمەن کورت ببینێ
لە پشتی خۆشی هیچ لە دایک نابێ
تەپەدۆری لە پەنجەرەی بیستن ناوە
داویشی لەسەر کورسی شەیتان و فریشتە داناوەتەوە
کتێبی نائومێدی
لەم چاویەوە گواستووەتەوە ئەو چاو
ڕەوانبێژ و هەواڵدزو خۆویست و خۆشدووە
تەمەنی بەشی ئەوە دەکات
لە هەموو شەقامەکان بپەڕێتەوە
مردنی پەنجەی کەمانچە ژەنەکانیش ببینێ
بە ئاگرم مەسپێرە
خوایەکم هەیە هەمیشە بەبیر خۆمی دەهێنمەوە
جوانی مەحاڵ دەهێنێتەدی

کارتی جەژنانە فڕێدەداتە ماڵەکانمان
وێنەی کێکی مۆم لەسەر داگیرساویش
دەگرێ و بەیادگاری دەیداتە نەوەکانمان
وەک شاعیرێکی دەموچاو درەوشاوەی بەختیار
چوارخشتەکی لەسەر شیعری باوکی نووسیوە
غەزەلیش چاوی بە پەرپەرەی مانگەوە هەڵواسی
لە پێچی شەقامێکدا ونی کرد
پێنج خشتەکی و بەهرە وەرگرتنیشی ماوە
چرای هۆگربوونی بەدەستەوەیە
بەدوای لەپکە شینەی دیاری داپیری
چاوی دەرواو دەگەڕێتەوە
هێزی چاو بەشی شکانی لەشکری هەڵپەدار دەکا
ڕۆژنامەنووسی بەرەکانی شەڕ
بۆ ماوەیەکی کورت لە خۆشییاندا لەهۆش خۆ دەچێ
شیعرێکی ڕۆمانسی دەموچاوی ئاوپژێن دەکا
مۆم و شخاتەی لەدەم دەرژێ
گیانی زیو و ئاوریشم و فەنەر لەناوی
مردوویەکە ئاگای لە هەمووان
لەسەرخۆتر بەرەولام وەرە ئەی پیری
بلیتی سواربوونی چەرخ و فەلەک
هێشتان سووری خۆی تەواو نەکردووە
بۆنی ڕازیانە و نان ڕشاندنی دایکیشم
هێلکەم دەتروکێنن
سەمەندەر برای شیریم بوو
دوای ماوەیەک پێکەوە ژیان
بوو بەبرای خوێنیم
باڵندە کە بەناو خۆر بڵندبووەوە
ئەرێ باڵندە بە ئاسمانەوە چیت پێدەڵێ
میوە روومەتیان بەنازو شکۆوە هەڵدەخەن
ڕێبوارانیش بۆینباخی قاوەیی
بەسەرکراسیان شۆڕ دەکەنەوە
شەپقەی خورییان دادەنێن
ماست و زەیتوون و کەرە و هەنجیری وشک کراوە
لەناو سینی چینکۆ شەڕیانە لەگەڵ لێوی بەبار
شەڕ بەتاو هات

ئەو مردووەی ئاگای لە هەمووانە
لەناو شووشەی مەرەکەب
یەکەم شت کە بینی ڕستەیەکە
بۆ گیان و دیوان دەدوێ
ئەرێ گوڵ بۆ هاوسەرەوای دڵ و کوڵ و بولبولە
ماسی بەناو ئەڵقەی نارنجۆک
خۆی سپاردە کووپەی ماڵی من
کووپە و ماڵی هۆگر بە فڕین و بۆنی خەنە و مێخەک
گوڵەبەڕۆژەی نیگا ئاڵاو بە پەیمانی نەمری پاسەوانیەتی
بەرامبەر قسەو هەڵەوەڕی و دەمهەڵبەستی
شارێک چاو ناتروکێنێ
درەوشانەوەیەک لە دەموچاومدا
بەهرەمەندی کردم لە هێزو خۆبوونی خودایی
خۆر ڕووی خۆی بۆ ڕاگرتم
پێویستییەکانمی تێدا بنووسم
دەستنوێژ دەگرم و خۆم تەنیا بۆ خۆم
چاوم لە نەخشە نقوم دەکەم و باخچە
بەسەر ماڵان دابەشدەکەم
پێش چوونە گەشت خەون وریام دەکاتەوە
کێ دەبینم و ئاو بەدەموچاوی کێ بپژێنم
لەناو شووشەبەندیش گوێ لە گۆرانی نەگرم
پارچە قوماشێکی خنکێنەر بەسەر سەدادا دەکێشێ
سەدا سەرەتای هەمووشتەکانە
بەخان و مانی بەرەو ئێرە دێ
حیکایەت بۆ باپیرەی سەمەندەرمان بکات

ئاداری ٢٠٠٦ هەولێر